www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19:50 14-2-2007

## ڕاگەیاندنێک لە وەزارەتی وەرزش و لاوانەوە

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێی وەزارەتی وەرزش و لاوانەوە زەمینە بۆ توانا و بەهرەی لاوانی کوردستان ساز دەکات. لەم ڕوانگەیەوە وەزارەتی وەرزش و لاوان لە مانگی یەکەمی 2007 دا پێشنیازی چوار پرۆژەی دا بە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران. پرۆژەکان بۆ سەرخستنی ئاستی فەرهەنگی و زانستیی لاوانی دەڤەرە جیاوازەکانی کوردستانە، دەرفەتسازن بۆ گەشە کردنی خولیای هەمەڕەنگ، خواست و پێداویستییەکانیان.

بودجەی پێشنیاز کراو بۆ دەستپێکی پرۆژەکان دوو ملیۆن دۆلارە و پرۆژەکانیش بەم جۆرەی خوارەوە ڕوون کراونەتەوە:

1. سێ زانستخانەی لە سێ پارێزگەی دهۆک، هەولێر و سلێمانیدا.
2. زانستخانە بۆ لاوانی خاوەن بەهرەی زانستییە. لێرەدا دەرفەت هەیە بۆ دروست کردنی پرۆتۆتایپی بیرۆکەی تازە لە بواری هەمەجۆری وەک تەکنیکی وزە، ئامێری ژینگەپارێزی، ئامێری تەندروستی، ئەستێرەناسی، فڕین و هتد.
3. هەفت سەنتەری زمانی ئینگلیزی و ئایتی لە شارۆچکەکانی چوار پارێزگەی دهۆک، هەولێر، سلێمانی و کەرکووکدا – بە هاوکاریی زانکۆکان.
4. دە فەرهەنگخانەی لاوان لە دە دەڤەری جیاوازدا. لە فەرهەنگخانەدا بواری فیلم، موزیک، ڕادیۆ، هونەری مێدیا، کاری دەست، کتێبخانە و کافیتیریای لاوان جێی دەبێتەوە.
5. پێنج تەکنیکخانەی لاوان لە پێنج دەڤەری جیاوازدا. لە تەکنیکخانەدا زانستی ئەلەکترۆنیک، کارەبا و میکانیک هەموار دەکرێت.

ئێمە وەک وەزارەت سوپاسی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران و بەتایبەتی سەرۆک وەزیران، ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی، دەکەین کە لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا پرۆژەکانیان پەسەند کرد. هەر لە ئەمڕۆوە وەزارەت کاری جیددی بۆ پیادە کردنی پرۆژەکان دەکات و دڵنیاین لەوەی دەبنە سەرەتایەکی نوێ بۆ پێشەڕۆژێکی گەشتر.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.